# نازو نوزەی بە ناز!

## پێشکەشە وە گشت بەنازەکانی کورد..

ئێوارەیەك وەڵات گەرم
لە گەرمایی سوختەی ژنان
دنیا شەرم
لە ئاست نوزەی چەوساوەکان
خۆر سوور بوو بوو
زەڤی سوور، دەریا سوور
لە پێش ئێشی رِەشو رِووتان!
کە مانگ گیرا
لە ناو بیرا
ئەو ساتە ئەو کاتە بوو
کە بەناز خۆی تێدا سوتان
ئەمێستاش دەسوتێ بەردەوام
(بە) کەی باش و
(ن) کەی نان و
(ز)کەیشی خوێنی لێدێت وەك چاوگەی زام!
(بەناز) نە نازی هەڵگیراو نە نازی کرد
نوزەی نەکرد بوو وە قوربانی حوکمی باو
(بەناز) کچ بوو، کورد بوو، هەژار
بە پێی یاسای ئێستای ستەم
ئەم سیانە هۆن بۆ تاوانبار
نازو نوزەی ئەو (بەناز)ە،

تازه تازه وا ئاردا
دەسوتێو گلەیی دەکات وا لە کاردا
تف دەکات لە گەندەڵی و دۆرو هاورِێکانی جەم
هەر وەکو شەم،شەمیلانە شەوقی دەدات
لە کاروانی چینی ژێرو ژن و چەوساوەو کرێکار

**بەختیار مام حەمید...١٥-٩-٢٠١١**